www.kurdistannet.org
26-10-2006 0:45بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کامەران جەباری لە پێناو چی... ؟ سامان حمید

شیخ عەبدوللا خزمێ باشەو سوکایەتی پێکردن هەڵناگرێ، خۆت باش ئەزانی گەلێ جار رومان دەکردە بەرێزی بۆ کردنەوەی گرێ کۆنەکان. دریغی نەکردوە لەیارمەتیدانی کەسمان گەر رومان تێکردبێ. ئێوە دوو کەسی جیاوازن لەبیر کردنەوەو بۆچون.

ئەوەی تۆ داوای دەکەی ئەو بیری لێناکاتەوە. لەمناڵیەوە دوای حیزبو کوردایەتی کەوتوە، بەندیخانە، ئاوارەیی، ماڵوێرانیو پێشمەرگایەتی. تۆ دۆستی ئەمانە نەبویتەو چاوت لەپاروی چەورو جێی نەرمو کەڵەبابی بووە. ئەو لەهەوڵی گەرانەوەی حەق بووە بۆ حەق خوراوان. تۆش لەهەوڵی زەوت کردنی حەقی هەتیوو بێوەژن بوویتە. ئەو بیر لە ئازادیو هاتنی رۆژی شادی ئەکا بۆ گەلی کورد، تۆش چاوەروانی زیندو بونەوەی عودەی سەدام دەکەی.

بەڵام باو باپیرانتان پشتیوانی یەکتر بوونە، لەم وولاتە پێکەوە ژیاونو نۆکەری کەسیان نەکردوەو خۆیان سایەدار بوونە. دەستی خراپەیان نەبووەو چاویان لەفتنەو ملشکان نەبووە لەیارمەتی خەڵکی بێچارەو هەژارو بێلانەدا بوونە. حەزیان بەچاکەو پیاوەتیو میوانداری کردوە. دەبێ منو تۆش لاساییان بکەینەوە، نەك دوژمنایەتی یەکترو ماڵ کاول کردنی خەڵكو خۆمان.

دڵنیابە مێژوو بەرەو پاش ناگەڕێتەوە، عودەی زیندو نابێتەوە، تۆش جارێتر شاد نابیتەوە بەرابوردوت، ئەوەی تۆ هەوڵی بۆ ئەدەی خەونێکی رابوردە. دەبێ خۆت بگۆڕی ئەگینا ژیانت موحاڵ دەبێت لەناو کۆمەڵگای داهاتوو. ووتراوە ئەوە نانە ئەمرۆ لەخوانە.

ئەم رونکردنەوەش بۆ هەمو خوێنەرانی کوردستان نێت...

کامەران جەباری، ناوی کۆمەڵێ خزمی نوسیوەو خەتای تەسلیم بونیانی داوەتە پاڵ شیخ عەبدوللا.. هەرچەندە هەمویان خزمن، بەڵام من باسی سێ ناو لەوانە دەکەم کە دوانیان ئامۆزامـنو ئەوی تریان خاڵۆی ئامۆزاکانمن...

عوبێد مامە عیسامەدین، سوپاس بۆ خوا ئەنفال نەکراوەو ئێستا لە چەمچەماڵ دەژێت. سابیر مامە عیسامەدینو هیوا نەجیم خاڵۆی لەناوچەی قەرەسەن لایەن موستەشارێکەوە تەسلیم کراون.

شیخ عەبدوڵڵا لەدورو نزیکەوە بێئاگایە لێیان. ئومێد ئەکەم ئەوانی تریش خاوەنیان لەسەریان بنوسن، هەرچەندە لەوانیش بە ئاگام.